# دوو ڕێگا



نوسینی
شۆخان صباح

# دوو ڕێگا

# پڕاوپڕ لە حەقیقەتی ژیان

نووسەر: شۆخان صباح

بابەت: کۆمەڵێک وتەی پەروەردەیی

کانوونی دووەم - ٢٠٢٥

**پێشکەشە بە....**

پێشکەشە بەو ئازیزانەی ویستویانە زەردەخەنەی

ڕاستەقینەی من ببینن.

بەو کەسانەشی باش نەبوون و فێری وانەی

ژیانیان کردیین.

تایبەتتر پێشکەشە بە کەسێک کە دوای مردنی

لەنێوان دوو ڕێگادا مامەوە.

وە بە ئەو کەسانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن

لەکۆتایشدا پێشکەشی خۆمی دەکەم.

## پێشەکی:

هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لەدایکدەبێت، بەڵام بە کۆمەڵێک

کۆت و زنجیر بەند دەکرێت.

ئازادی مانای ئەوە نییە هەر شتێک بتەوێت بیکەی، ئازادی
واتا

ناچاری هیچ شتێک نەکرێی باشە کێ لە ئێمە لە ژیانی
تووشی

ناچاری نەبوە؟

لیبرالیزم درۆیەکی گەورەیە ئەگەر هەر کەسە و
بیروڕایەکی

هەبێ ناچار نەکرێت ئەوا فەوزایەک پەیدادەبێت بە هیچ
چارە

نەکرێ بەڵکو شتەکان دەگونجێت لەژێر بیروڕای
کەسانێکی

تر لە هەر قۆناغێکی تەمەنماندا حەزمان بە شتێکە و جۆرە

بڕیارێک دەدەین. منداڵ، هەرزەکار، پێگەیشتوو،هتد.....

یان زۆر تووڕە دەبێت یان تەواو بێدەنگ دەبێت بەپێی کات و

سرووشتی مرۆڤەکان. مرۆڤانێک هێندە بێدەنگ دەکرێن وەک

کەسێکی لێدێت لە بنەڕەتدا نەتوانێت قسە بکات.

بێگومان مرۆڤ ئیرادەی هەیە لە شتە بچوکەکانی ژیانی کە

داهاتووی دیاریبکات ڕێگای چاکە و خراپە و گرتنەبەری

یەکێکیان کە ئەمە پێی دەوترێت ئەقڵی پێوانەیی.

ئەوانە یەکێکن لەو کەسانەی بیرورایەکیان هەبووە لە قۆناغی تەمەنیاندا.

من هەم بۆیە من بیر دەکەمەوە - سارتەر

من بیردەکەمەوە بۆیە من هەم - دیکارت

بیر من دەکاتەوە بۆیە من هەم - عیرفان مستەفا

لەنێوان دوو ڕێگادا

دەبێت یەکێکیان ببڕی

ناکرێت بتەوێت مەلەوانی بکەیت و

جەستەت تەڕ نەبێت

**ژیان لەو زار و مارە دەچێت**

**کە بەمنداڵی یاریمان پێدەکرد.**

زاری بەخت هەڵدەدەیت و بە هێواشی یان لەسەرخۆ یان

بە خێرایی دەڕۆی، دوو ڕێگات لەبەردەمە بۆ گەیشتنی

سەفەرەکەت یان بە پەیژەکان سەردەکەوی یان

مارێک پێتوەدەدا کە چاوەڕێی ناکەی.

(دوو ڕێگا)

له ترافیکەکانی ڕێگادا ئاگادارکەرەوە دەبینین

بوەستە، هێواش بە، سەلامەتی ببەستە،

خێراییت کەم بکەوە، بڕۆ

ڕۆیشتنەکەت سنووردار بکە ئەگەرنا کێشە ڕوودەدات.

هەڵبژاردەکانت بگونجێنە لەگەڵ ژیانت

(دوو ڕێگا)

**(تەنها ڕێژەیی ڕەهایە)**

ئەرستۆ لە کتێبی کاتیگۆریەکان باس لەوەدەکات

باوەڕ نەگۆڕە، واقیع (فاکتەرەکان) گۆڕاوە.

بۆنمونە/ کاتێک کەسێک لەسەر کورسی دانیشتووە

دڵنیایت باوەڕت وایە دانیشتوە، بەڵام کاتێک کەسەکە

هەڵئەسێتەوە ئەوە ئەڵێی دانەنیشتوە.

ئەم ژیانە یەکە و ڕێگاکان جیاواز بۆ ژیانێکی تر

(دوو ڕێگا)

خێزان ئازارت پێدەگەیەنێت

کۆمەڵگا دەزانێ ئازارت هەیە، بێزارت دەکات

ئایین ڕێگری دەکات لەوەی خۆت لەناوببەیت

ئەی باشە لەکوێی ئەو ژیانە بوونمان هەیە؟؟

ئایا ئێمە بە هەڵە لەو ژیانە گەیشتووین؟؟؟

خێزان درەختێکە، لقەکانی ئەندامەکانە کە سەرهەڵدێنن

بۆ نێو کۆمەڵگا

ئایین ئەو گەڵا زەردانەی لە پایزدا هەڵدەوەرێ

لە بەهاردا سەوزی دەکات.

(دوو ڕێگا)

خێزان

بۆ هەندێک کەس، فریادڕەس

بۆ هەندێکی تر، تێکدەری خوودی تاک

(دوو ڕێگا)

ئایا مرۆڤ چێژی ژیان لەچیدا دەبینێت؟

دەیەوێت زیندووبێت یان بژیت؟؟

هەوڵی مانەوە یان گەشە دەدات؟؟؟

ئەوانەی لە زینداندان کامە جۆرن؟؟؟؟

(دوو ڕێگا)

# لەنێوان تاکێکی گوێپێنەدەر و یاخی

# ئێمە زۆربەمان

# تاکێکی گوێپێنەدەرمان لێدەرچوو

(دوو ڕێگا)

**(ترس باشترە، لە لێدان)**

ئەو قسە باوەی لە کوردستان دەکرێت

بەڵام ئایا کامە جۆری ترس؟؟

لە منداڵییەوە ڕووبەڕووی جەنگی دەروونیمان دەکەنەوە

بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین.

جەنگی دەروونی واتا بەرەو ڕێگای مەرگ بڕۆی

هەرگیزیش نامری.

(دوو ڕێگا)

له کۆمەڵگا هەمیشە دەیانەوێت دوو چین دروستببێت

تاوەکو یەکێکیان ئەویتر بخوات!!

ئەمە چ وەعشیگەرێتیەکە؟

ئامانج لەمەدا چییە؟؟

(دوو ڕێگا)

کەس نایەوێت ڕێگا بە کاتژمێر بدا تێکبچێت

چونکە تەواوی کارەکانیان دەوەستێت

ئەمە پێی دەوترێت ڕێگای (بەرژەوەندی).

(دوو ڕێگا)

ئەو ڕستەیەی لە کتێبێکدا خوێندمەوە نووسرابوو:

پارە گرینگ نییە بەڵام بەسوودە

بەداخەوە ئەو کاغەزە نا گرینگەی لەجیهانی مادیگەریدا

ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

(دوو ڕێگا)

مۆدێرنە ڕێگایەکە بۆ کاولکاری مەعنەوی و

پچڕبوونی ڕێگای توورا‌س.

ئەو پوچێتیەی ژیان کە بەشێک لە فەیلەسوفەکان

باسیان دەکرد کرایە بووک و هێنرایە کوردستان.

(دوو ڕێگا)

هەندێک هەن لە بەڕێوەبردن بە (کیم جونگ ئون)ی

سەرۆکی کۆریای باکوور دەچن.

ڕێگایەکی سەیر دەگرنەبەر کە چواردەورەکەیان

دەخەنە سەرسوڕمان

(دوو ڕێگا)

دەمەوێت پڕ بە دڵ هاوار بکەن

وەک وڵاتەکەمان ئەگەر ڕێگای سەربەخۆیی بگرین

ئەوەی هەشمانە لە دەستی ئەدەین.

(دوو ڕێگا)

ئەوە بەینێکە کەوتۆتە سەرم

بیری ئازادی و ئارەزووی فڕین

(سهی)

فرۆید لە تیۆرەکەیدا پێنج ساڵی سەرەتای

بە بنچینەی کەسایەتی مرۆڤ دادەنێت.

یەکێک لە توێژینەوەکان باس لەوە دەکات کە

دوو شت بنچینەی کەسایەتی مرۆڤ دەگۆڕێت

(عەشق و ئیمان)

ئەی بۆ ئێمە کاریگەری ئەم دووانە کەم دەبینین!؟

(دوو ڕێگا)

ڕێگای عەشق، (شێتی) یە

ڕێگای ئیمان، (هۆشیاری) یە

خەجالەت ئەوەی عاشقێکی ئیماندارە

(دوو ڕێگا)

بزانە مەزنترین مرۆڤیش بۆ ئەو کەسەی خۆشیدەوێ

ڕێگای سەخت دەبرێت کە لەوانەیە کەس نەیگرتبێتەبەر

بۆ کەسانی تریش نایەوێت بچووکترین هەنگاو بنێ.

(دوو ڕێگا)

هێندە سەر دەخەنە نێو ژیانت

دواتر دەڵێن تۆ باشی!!

بەلێ، باشدەبین ئەگەر لەسەر ڕێگاکەمان نەبن

(دوو ڕێگا)

خەم بۆ ئەوە ناخۆین

کە دووڕوو بوون

خەم بۆ ئەوە دەخۆین

کە ناتوانین شانازییان پێوەبکەین

(دوو ڕێگا)

خەم بۆ ئەوە ناخۆین

دەزانن ڕێگاکە هەڵەیە و کەچی بەدوای ڕادەکەن

بۆ ئارەزووە هیچەکانیان

خەم بۆ ئەوە دەخۆین

ببێتە هۆی مەترسی بۆ ڕێگامان.

(دوو ڕێگا)

کەسانێک دێنە ژیانمانەوە  لەجیاتی ئەوەی بڵێین

(بەخێر هاتی)

ئەبێت بڵێین (بەخۆت هاتی).

(دوو ڕێگا)

ئایدۆلۆژیا (بیروڕاکان)

ڕێگای جیاواز بنیاد دەنێت

تێگەیشتن، ڕێگاکان لێکنزیک دەکاتەوە.

تێگەیشتن لە کەسێک واتا تۆ لەو واقیعە و ئازارەی

ئەو نەژیابی بەس قبوڵی دەکەی ئەڵێی لێت تێدەگەم

هەرچەندە هەست بە ئازارەکەت ناکەم

فکرە، زۆر جیاوازەکان بە دوورکەوتنەوە چارەسەردەبێت

نەک تێگەیشتن.

ئیدی شتەکان ڕێژەیین و ماناکانی ژیان قووڵن

(دوو ڕێگا)

کەسانێک خۆیان بڕیاردەدەن چ ڕێگایەکیان بۆ بگرینەبەر

بە ڕەفتارەکانیان، بە قسەکانیان

دوورەپەرێزبی باشترە لەوەی پەلەمێزبی

واتا دووربکەونەوە باشترە

لەوەی لەبنەوە ببیە ئاگر بۆ خەلک

(دوو ڕێگا)

**کەسە  بە ئەزموونەکان**

لە ئەقڵ

زۆر لە خۆیان گەورەترن

لە دڵ

هێشتا مناڵەکەی جارانن

(دوو ڕێگا)

# تێگەیشتن لە ژیان بۆ هەندێک کەس
# پێویستی بە ئەزموونە لە بارودۆخەکانی
# زیاتر لە تەمەن

## (دوو ڕێگا)

فێمینیستەکان بابچن ڕێگایەک بگرن

بۆ چارەسەری کێشەی (ئافرەت و ئافرەت)

دواتر کێشەی (ئافرەت و پیاو).

تۆ بیربکەرەوە ئەگەر پیاو دەسەڵاتەکانت کەمدەکات

دەسەڵاتی رەها لەژێر دەستی پیاو بێت چۆن دەهێڵێت

ڕێکخراوی ئازادی ژنان دابهێنێت

کە بەرژەوەندی ئەوانی تێدا نەبێت!!!؟

(دوو ڕێگا)

تاکە سورەت لە قورئانی پیرۆزدا

لە هەموو ئایەتەکانی ناوی (الله) ی تێدابێت

سورەتی (المجادله) یە، واتا گفتوگۆ

مرۆڤی خاوەن هزر و بیرکەرەوە

لەکاتی کێشەیەک ڕوودەکاتە لە خۆی گەورەتر و

شارەزاتر کە هەمیشە پشت و پەنای بێت

(دوو ڕێگا)

تووندی پیاوان و ئیرەیی ئافرەتان

کەسانێکی کەمیان بەرهەمهێنا.

(دوو ڕێگا)

هەمیشە لەلات نەبوون و بینینت

دڵ دەهەژێنێت

نەبوونیشت هۆش دەبا

هیچ ڕێگایەک نییە لەو نێوانەدا

بۆ ئەوانەی لەنێو خێزانەکەماندا هەن

هەمیشەیی نین

لێمان نزیکن و لەنێو ژیانماندا نین

(دوو ڕێگا)

بوونی هەموو شتێک و

نەبوونی هیچ شتێک

مانا بە ژیان نادات

خەمۆکی کەم دەکرێت بە ڕەنگکردنی ڕێگاکەت

(دوو ڕێگا)

هەموو شتێک لەو ژیانەدا کە تێیدا ئەژین ئەگۆڕێن

تەنانەت خەونەکانیشت

بۆنموونە/ وەکو کەسێک چەندین ساڵی بەسەربردووە

لەنێوان چوار دیواردا بێدەنگە لەسەر هەناسەی خۆی

بەڵام کاتێک ئازاد دەکرێت، وەڵامدانەوەی کارەکانی

بە قەت هەموو ئەو شتانە دەبێت کە لەسەر یەکی داناوە

چونکە بێدەنگی هەندێک کات مەترسیدارە.

(ئازارەکانی ژیان)

جاری وا هەبووە قسەیەکمان کردووە

نەمانویستووە کەسی بەرامبەرمان بترسێنین

کەچی هەستدەکەین دەترسێت

یان ئەوەیە کە ئێمە وزەی ترسمان وەرگرتووە

یان قسەیەکیان بەرامبەرمان کردووە

وایانزانیوە، کە زانیومانە.

(دوو ڕێگا)

سێ ڕێگا دەبێتە سەرکەوتنی ڕاستەقینە

دڵسوزی، زانست، ئازایی لە گەیاندن

ڕێگای سێیەم ناساندنی توانای خۆتە بە خەڵک.

وریابە زانست ڕێگاکەت تاریک نەکات

چونکە زانیاری هەموو شتێک لە ماددەدا کۆدەکاتەوە

ماددەش هەموو شتێک نییە.

(دوو ڕێگا)

دەڵێن ئەوانەی زۆر کتێب دەخوێننەوە

نابێتە هۆی تەتەڵەکردنی زمان

لە دەروونناسی باس لەوە دەکات بەهۆی کۆکردنەوەی

ئەو شتانەی لە نەستدا هەیە، تراما و زەبری دەروونی

وادەکات زمان تەتەڵە بکات.

(دوو ڕێگا)

هەمانە بە قەت (دە) پیاوە

هەمانە نیو مرۆڤە

ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە ئەو قسەیەی

زوڵمی کەم، شۆڕش دروست دەکات

زوڵمی زۆر، کۆیلە.

(دوو ڕێگا)

ناشرینترین و گەمژانەترین سیفەتی مرۆڤ ئەوەیە

زاڵم بێت و کەسە زوڵم لێکراوەکە

بە زاڵم بزانێت.

(دوو ڕێگا)

**کاریگەری یان دەسەڵات**

تالیس بە یەکەم فەیلەسوف دادەنرێت

کەچی ناوی تالیس بە ئەرستۆوە دەلکێت

ئەرستۆ بەهۆی ئەو فەلسەفەیەی هەیەتی بە

مامۆستای یەکەم ناودەبرێت

فارابی کە فەیلەسوفێکی ڕۆژهەڵاتیە

بە مامۆستای دووەم دادەنرێت.

کاریگەری گرینگترە لە دەسەڵات

(دوو ڕێگا)

مرۆڤ کاتێک قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات

قسەکەرە یان گوێگرە

وەڵام/ قسەکەرە

لەبەرئەوەی لە فەلسەفەدا بوونی یەکەم، هۆکاری یەکەمە

(دوو ڕێگا)

ئەگەر بێدەنگمان بکەن

دەست و قاچمان ببەستن

ڕێگای چاومان لەئاست ڕاستی داناخەین

چاومان کوێرکەن

گوێچکەکانمان کەڕ ناکەین

کەڕمان بکەن

بیرەوەریمان ون ناکەین

ئەوە ئێمەین، ئێمەین

کەشناسی ڕاستی دۆستین!

(دوو ڕێگا)

- بۆ نازانی، لەبیرتکرد؟

وادیارە نەمویستوە بچێتە قاڵبی بیرەوەرییەکانم

ئەگەرنا من کەم شت لەبیر دەکەم.

(دوو ڕێگا)

گوێم لە کەسانێکی هێندە ڕێزدار دەبێت

بە کۆ دەدوێن

ناڵێن (خوات لەگەڵ)

ئەڵێن (خوامان لەگەڵ).

(دوو ڕێگا)

قسانێک لەبارەی کەسانێکەوە دەبیستین

ئەڵێین هەر باشە ئاژەڵەکان

لەجۆر و ڕێگای مرۆڤ نەبوون

گوێچکەکانیان پڕبێت لە خاشاک و بوختان

(دوو ڕێگا)

## دژیەکی ژیان

لەنێوان ڕووداوەکان ڕووبەڕووی دژیەکی دەبینەوە

چەمکی ئەخلاق، دەڵێت دەبێت لە هەموو کاتێک چاکە بکەی

کاتێک یەکێک دێتە بەر دەرگایماڵەکەت

دەبێت دەرگاکەی بۆ بکەیتەوە؟!

نەخێر، ئەگەر لە ڕەگەزی بەرامبەر بوو نابێت

چونکە دووبارە بەهای ئەخلاقی تر دروست دەبێت

لەنێوان خراپ و خراپتر

خراپ، هەڵدەبژێری.

(دوو ڕێگا)

ببینە تاسەی ژیان چەند ئاڵۆزە

دوو ڕێگای جیاوازمان لەبەردەمە

بە گرتنەبەری یەکێکیان

دوو ڕێگای جیاوازی ترمان پێ نیشان دەدرێت

نموونە/ مەعریفە و ئەخلاق دوو لقی جیان

مەعریفە، هەست و ژیری دەگرێتەوە

ئەخلاق، یاسا و ڕەوشت و جوانی دەگرێتەوە.

(دوو ڕێگا)

کاتێک هەیە مرۆڤ ناتوانێت لەنێوان دوو ڕێگادا

هیچیان هەڵبژێرێت دەوەستێت

کاتی شۆک بوونی! ئەوکاتەی بڕیارەکان ئەستەم دەبێت.

کاتێک ئازیزێکی خراپەی لەگەڵ دەکات

لەنێوان خۆشەویستی و ڕق

لێخۆشبوون و لێخۆش نەبوونی

ویستن و نەویستی، وازلێهینانی یان ئازاردانی....

(دوو ڕێگا)

**(جانۆس)**

سومبولێکی عیرفانیه، لەلای دانیشتوانی ڕۆما ڕووی
خودایی

دەنواند، هەروەها ئاماژەیە بۆ دوو دیوی دەسەڵات.

زۆر جار ئەم ڕەمزە بە دەموچاوێکی توند و

دەموچاوێکی ئارام کراوە کە ئاماژەیە بۆ

ڕووی پیاوی دەسەڵاتی کاتی کە توندوتۆڵ و شەڕەنگێزە
و

ڕووی پیاوی خودا کە نەرمونیان و ئارامە

(دوو ڕێگا)

بیرەوەری تارماییکە دەخزێتە نێو قوژبنی مێشکمانەوە

پچڕییەکە لە ژیانی ڕۆژانەماندا

شتێکی کپکراوی ناو ناخمان بیردەخاتەوە

(ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم) .

ڕابردوو، ڕێگاکان، دەبێتە دێوەزمە

ئەگەر ئەو بڵێسەی ناو ناخمان نەتەقێتەوە

کە تێکەڵەیەکە لە ئازار، ستەم....

ئینجا بە گریان بێت یان هاوار یان تۆڵە....

(دوو ڕێگا)

کەڵەکەبوونی خەمەکان

وایانکرد ئەو کاتانەی خەم بوونی نەبێت

دڵتەنگبی

هەروەک ئانای کچی فرۆید باسی دەکرد

بێ هۆکار نییە ئەم دڵتەنگیە

(دوو ڕێگا)

بۆ بەردەوامبوون لە ژیان پێویستمان بە دەمارەکی شێتییە

ئێستاش نازانم کەسانێکی میهرەبان بوونیان هەیە

لە خۆشەویستی خودایە

یان

ئەو یاسا مۆڕاڵەی لە ناوەوەدایە

یان

ترس دایکی مرۆڤایەتییە!؟

(دوو ڕێگا)

دەگەیتە قۆناغێک

خۆمان بە ڕێگایەکدا دەڕۆین

هەرچەندە خۆشمان نامانەوێت

ئەمە پێی دەوترێت

ڕێگای ناچاری بارودۆخەکانی ژیان.

(دوو ڕێگا)

جار جار

شاراوە بە، مەتەڵبە

با ڕێگاکەت بدۆزنەوە.

(دوو ڕێگا)

جاران لەکاتی باران بارین شەقامەکان

بۆنی میهرەبانی لێدەهات و

لەگەڵ هاتنی ئاسوودە دەبووین

ئێستا بۆنی میزاجی کەسەکانی لێدێت و

لەژێر باران ئاسوودەییمان هەڵدەڕێژین

چ شتێکمان لە ڕێگادا ونکرد!!؟

(دوو ڕێگا)

(باپیرە)

دوای ڕۆیشتنت هەر لە منداڵییەوە گەورەبووم

چ کارەساتێک بوو، غوربەتێکبوو!

ئاخر من نووری خودام لە تۆدا دەدۆزییەوە

تۆ لە ژێر زەوی و من لەسەر زەوی

جیاوازی من و تۆ لێرەدایە!

تۆ خۆڵ و بەرد هەناسەی لێبڕیی

منیش گەردەلوولی ژیان هەوامی گۆڕی.

(دوو ڕێگا)

وەرە ببە بە هاوڕێگام

وەکو کوێرێک دەستم بگرە

ببە بە خۆر بۆ ڕێگاکەم

لە تاریکی شەودا جۆرێکبە لە ئەستێرە

لە هەموو بارودۆخەکانی جیهانەکەم

لەگەڵ دڵم ڕێگا ببڕە

(دوو ڕێگا)

هێشتا گزنگی خۆر هەڵنەهاتبوو

بوو بە شنەبای ڕەنگەکان

شەپۆڵەکانی تاریکی، کونیلەکانی ڕووناکی دادەپۆشێت

سەرم هەسارەیەکە و

سێبەرەکان بە چواردەورم یاری دەکەن

سەراپای جەستە ئاوازی نامۆیی دەژەنێت

لە نێو خۆمدا ون دەبم

هاوارێک! لە قوڵایی قوڕگەوە زایەڵە دەکات

وەک هەورە بروسکە، وەلێ کەس نایەوێت بیبیسێت.

(دوو ڕێگا)

دەمەوێت جیهان بناسم!؟

ئەم پرسیارە بەردەوامە تا دوا ڕێچکەی ژیانم

(دوو ڕێگا)


تۆ لە ژێر زەوی و من لەسەر زەوی
جیاوازی من و تۆ لێرەدایە
تۆ خۆڵ و بەرد هەناسەی لێبڕیی
منیش گەردەلوولی ژیان هەوامی گۆڕی